تەفسیری

ساکار

بۆ قورئانی ڕێزدار

وەرگێڕانی: زێبار عزیزخان مهاجیر

نووسینی: کۆمەڵێك لە زانایان



Preview sample - page 1 of 8 - Soran University Academic Digital Library

بۆ کتێبخانەی مەکتەبی زانیاری

تەفسیری ساکار بۆ قورئانی ڕێزدار

ئامادەکردنی

کۆمەڵە زانایەک

بەکوردی کردنی

زێیار عەزیزخان مهاجیر

١٤٢٧/١١/٢٢

لەسەر ئەرکی ڕێزدار (فەرزندە خالید مهاجیر)

کەسایەتی ناسراوی دەڤەری سۆران لە چاپدراوە

Preview sample - page 2 of 8 - Soran University Academic Digital Library

ناوەندی هزر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
هەولێر: تەنیشت پارێزگا-بەرانبەر قەڵا-بازاڕی ڕۆشنبیری

HZR

Email/nawandy.hzr.١
Email/nawandi.hzr@gmail.com
Mob/ ٠٧٥١١٣٠٢٩٥٩

ناوی کتێب: تەفسیری ساکار
نووسینی: کۆمەڵە زانایەک
وەرگێڕانی: زێبار عەزیزخان مهاجیر
سەرپەرشتی چاپ: پێشەوا ئیبراهیم
دیزاینی ناوەوە: کامەران ڕەفیق
بابەت: ئایینی
چاپی یەکەم: ٢٠١٧
تیراژ: ٥٠٠ دانە

هەموو مافێکی ئەم کتێبە بۆ وەرگێڕ پارێزراوە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (535) ساڵی (2017)ی دراوەتێ

Preview sample - page 3 of 8 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی نەمیندارێتی گشتی

سوپاس و ستایش بۆ خوا، داوای پشتیوانی و لێخۆشبوون و ڕێنوێنی لێدەکەین، پەنا بەخوا دەگرین لە خراپەکاری دەروونمان، کردارە بەدەکانمان، ئەوەی خوا ڕێنوێنی بکات گومڕاکەری بۆ نییە، ئەوەش کە گومڕای بکات ڕێنوێنیکەری بۆ نییە، هەرگیز پشتیوانێکی ڕێنوێنیکەرت بۆ ئەوان دەستناکەوێ.

درود و سڵاو لەسەر چاکترینی نێردراوانی خوا بۆ جیهانیان، بە میهرەبانی و ڕێنوێنی، لەسەر خانەوادە و هاوەڵانی، لەگەڵ شوێنکەوتووانیان بە چاکە تا دواڕۆژ، پاشان:

قورئانی پیرۆز" سروشی خوایە بۆ کاملترین پێغەمبەری خوا، ئەو بیرویاوەڕ و حوکم و هەڵسوکەوت و هەواڵانەی تێیدایە، مایەی بەختەوەرین لە دونیا و دواڕۆژدا، هەروەک خوای مەزن فەرمووێەتی: ﴿فَمَنِ اتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَى﴾ طه: ١٢٣.

پێویستە خوێنەر و بیسەری قورئانی پیرۆز، تەفسیری ئەو ئایەتانە بزانێ کە پێویستی پێیەتی" چونکە دەربڕینەکانی قورئانی ڕێزدار ڕەوانیەکەی بەرزە و لەوپەڕی ڕوونبێژی و لە لوتکەی ڕەوانبێژیدایە.

پێشتر کۆڕبەندی شا فەهد بۆ چاپکردنی قورئان، چاپی یەکەمی کتێبی (تەفسیری ساکار)ی لە چاپدا، - بە بەخشش و پشتیوانی خوا – لەلایەن زانستخوازان و تێکڕای خەڵکەوە پێشوازی لێکرا.

گومان لەوەدا نییە شێوەی (تەفسیر) کۆششێکی مرۆییە، پێویستە ڕەچاوی ئەو لایەنانەی تێدا بکرێ کە تەواوکەرن، وەزارەت و کۆڕبەند ژمارەیەک تێبینی جیاوازی پێگەیشت، لەسەر (تەفسیری ساکار)، لە کۆڕبەندەکەوە لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ تاوتوێکردنی گشت ئەو تێبینیانەی لەسەر ڕاڤەکە هاتبوون، لیژنەکە لە گشت تێبینیەکانی کۆڵیەوە و هیچ تێبینیەکی فەرامۆش نەکرد، تێبینیە گونجاوەکانی پەسەند کرد، تیایدا ڕەچاوی پەیڕەوی پوخت و کورتبڕی کرد لە تەفسیر و ڕێککارەکانیدا، لەگەڵ گونجانیان بۆ وەرگێڕان بۆ زمانەکانی تر.

بەهەمان شێوە لیژنەکە هەڵسا بە پێداچوونەوەی تەفسیرەکە و یەکسختنی هاوتاکان، بەوەی ئەو وشانە ڕاڤە بکرێن بە دەربڕینی کورت و مانابەخش، لە گشت ئەو شوێنانەی لە قورئانی پیرۆزدا ڕەچاوکردنی ڕۆشنی گشت گوزارشتەکان کە لەلای خوێنەرەوە نامۆن، تا لە چوارچێوەی ئایەتەکەدا ناڕوونی یان لێڵی بەدی نەکرێت.

لیژنەکە لە گشت دەستکاریەکدا کە ئەنجامیدا، ڕەچاوی ئەوەی کرد ڕاڤەکە کۆڵ و تەبا بێ لەگەڵ گێڕانەوەی حەفص لە عاصمەوە، لە ڕووی مانا و شیکردنەوە (إعراب)ەوە.

لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەم، (تەفسیری ساکار) یەکێکە لە سەرچاوە تەفسیرییەکان، کە لەسەر پێگەی کۆڕبەندی شا فەهد بۆ چاپ کردنی قورئان لەسەر تۆڕی (ئینتەرنێت) دانراوە.

لێرەدا" لە دەرکردنی ئەم چاپە کە پێداچوونەوەی بۆ کراوە، ئەوە فەرامۆش ناکەم سوپاسی هەر یەکێك بکەم، کە بەشدار بوویێ لە بەرهەمهێنانی ئەم کارە فەرداڕ و پیرۆزە، کۆششی کردووە لە دەرچوونی بەم شێوە قشەنگە.

سوپاسی بێ پایان بۆ وەزیری کاروباری ئیسلامی و ئەوقاف و بانگەواز و ڕێنیشاندان، سەرپەرشتیاری گشتی کۆڕبەندی ڕێزدار شێخ صالحی کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی محەمەدی خانەوادەی شێخ، تێبینیە ڕاستەکانی، ڕێنماییە دروستەکانی، کاریگەری و شوێنەواری دیاری هەبوو لە بەرهەمهێنانی تەفسیرەکە بەم شێوە قەشەنگ و جوانە.

هەروەک سوپاسی سەرکردەکانی وڵات دەکەم، لە سەروشیانەوە خزمەتکاری دوو حەرەمە پیرۆزەکە (شا عەبدوڵای کوڕی عەبدولعەزیز)، ڕێزدار شازادەی جێنشینی نەمیندار، خاوەنی شکۆی پاشایی میر (سوڵتانی کوڕی عەبدولعەزیز)، هەروەها بەڕێز

Preview sample - page 4 of 8 - Soran University Academic Digital Library

جێنشینی دووەم خاوەنی شکۆی پاشایی میر (نایفی کوڕی عەبدولعەزیز)، خوای مەزن بیانپارێزێ بەهۆی نەو کارە پڕ شکۆ و پیرۆزانەی پێی هەڵدەستن لە خزمەتکردنی ئیسلام و موسڵمانان، سەرخستنی پرسەکانیان.

سوپاس و ستایش بۆ خوا لەسەر چاکە و بەخششەکانی، سوپاس و ستایش بۆ نەو خوایەی" بە بەخشش و بەهرەی نەو کارە چاکەکان نەواو دەبن.

پ. د. محەمەد سالمی کوڕی شەدیدی عەونی

نەمینداری گشتی کۆڕبەندی شا فەهد بۆ چاپکردنی قورئانی پیرۆز

Preview sample - page 5 of 8 - Soran University Academic Digital Library

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

پێشەکی وەرگێڕ

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە زانایە، دەسەڵاتداری زاڵی دانایە، هەربووی بێ سەرەتایە، نەبوون بۆ ئەو نەستەمە، بێ کۆتای خاوەن توانایە، کات بەسەریدا نایە، درود و سڵاو وەك ڕێژنەی باران بڕژێ بەسەر گیانی پێغەمبەری نازدار، و بەسەر یاران و شوێنکەوتووانی تا دوارۆژ. پاشان!

بێ گومان مرۆڤ ڕێزدارترین بوونەوەرە، کە خوای بەدیهێنەر لەوپەڕی ڕێکوپێکی و جوانیدا دروستی کردووە، جا بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم ڕێز و پێگەیەی خۆی لە دەست نەدات خوای گەورە ڕێگەی ڕاست و ڕەوانی بۆ ڕۆشنکردۆتەوە، کە هەڵقوڵاوی فەرمایشتی خوای مەزنە، ئەویش بریتییە لە قورئانی پیرۆز و بەڕێز، کە موعجیزەی نەمر و هەمیشەییە، جا سوننەتی بەڕێزی پێغەمبەریش (درود و سڵاوی خوای لێبێ) تەنها دووپاتکەرەوە و ڕوونکەرەوەی ئەو ڕاستیانەیە کە لە قورئاندا هاتوون. ڕەوانەکردنی ئەم پەیامە بۆ ئەوەیە تا مرۆڤ، بەهۆی ئەو هێزەی خوا پێبداوە کە ئەویش ژیری (عەقڵ)ـە خۆی بپارێزێ لە خوارەفتی، سەرکەوتووش بێ لە گرتنەبەری ڕێگەی خواپەرستی.

قورئانی پیرۆز" خۆری ئاسمانی دڵانە، فێنککەرەوەی سینەکانە، ڕەوێنەرەوەی گومانە، پوچەڵکەرەوەی گومڕاییە، ڕۆشنکەرەوەی تاریکییە، ڕۆشنایی چاوانە، ئاسودەیی ناخەکانە، ڕێنیشاندەری بێ هاوتایە لە نێو دەریای گومڕایی و بیابانی سەرلێشێواو، پارێزەری عەقڵە لە فڕیوخواردن بە خوت خوتەکانی دەروون و وەسوەسەکانی شەیتان، هەروەها نەستێرەی گەشی بەرەوخواچوونە.

قورئانی پیرۆز و بەڕێز" پەیام و نامەی خوایە بۆ مرۆڤایەتی، تا بەهۆی گرتنەبەری ڕێنوێنی و بەرنامەکانی سەرفرازی مسۆگەر بکات، لە دونیاشدا ژیانێکی هاوسەنگ بەڕێ بکات.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بدەم ئەم تەفسیرەی قورئانی پیرۆز، کە وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، هەوڵێکی بەندەیە بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی و زۆرتر خزمەتکردن بە پەیامی پیرۆزی قورئانی بەڕێز، بەو نومێدەی توانیبێتم مەبەستی تەفسیرەکە، لە زمانە بیانییەکە بە تەواوی بگوازمەوە بۆ سەر زمانی خۆمالی، بە ئەندازەی توانا هەوڵمداوە بە زمانێکی سادە دایڕێژم. جا (نزا و پاڕانەوەی خەڵکی قورئان) و (نیشانەکانی وەستانوزاراوەکانی ڕێکخوێندنەوەی قورئانی پیرۆز)م بەکوردی کردوون و لە دواوەی ئەم تەفسیرەم داناوە، کە لە بنەڕەتدا لەگەڵ تەفسیرەکەدا نەبوون.

سوپاس و ستایشێکی بێ ئەندازە ئاراستە دەرگانەی پەروەردگاری جیهانیان دەکەم، کە بە لوتفی ئەو توانیم ئەم کارە ئەنجام بدەم، پاشان بە یارمەتی دڵسۆزان، ڕێز و پێزانینێکی تایبەتیشم هەیە بۆ ڕێزدار ئامۆزای هێژا و خۆشەویستم: (فەرزندە خالد مهاجر) کەسایەتی ناسراوی دەڤەری سۆران، کە ئەرکی لە چاپدانی چاپی یەکەمی ئەم تەفسیرەی گرتەئەستۆ، تکام وایە خوای گەورە تەندروستییەکی باشی بێ ببەخشێ، ئەمر و بەرەکەت بخاتە ناو ژیان و کاروبارەکانی، تەمەن درێژ و سەرکەوتووی دونیا و دوارۆژی بکات.

سوپاس و پێزانینێکی تایبەتیشم هەیە بۆ ڕێزدار (کاروان فەرزندە مهاجر) کوڕی ڕێزدار (فەرزندە خالد مهاجر)، کە هەموو پشتیوانییەکی بۆ دەربڕیم بۆ سەرخستنی کاری بە چاپ گەیاندنی ئەم کتێبە، خوای گەورە تەمەن درێژ و سەرکەوتووی بکات لە دونیا و دوارۆژدا.

دوای ئەوەی لەلایەن بەڕێز (م. ڕەقیب ڕەسوڵ ڕۆستایی) پێشنیاز کرا تەفسیرێك وەرگێڕم، دوای گەڕان و هەڵسەنگاندن، ئەوا ئەم تەفسیرە لەلایەن بەڕێز (کاك پێشەوا) خاوەنی (ئاوەندی هزر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە) پێشنیارکرا بۆ وەرگێڕان، جا بەندەش بە خۆشحاڵییەوە پەسەندی کرد.

Preview sample - page 6 of 8 - Soran University Academic Digital Library

له کۆتاییدا دەمەوێ سوپاس و پێزانین ناڕاستەی ئەم بەڕێزانە بکەم: (م. مهاجیر محەمەد تاهر، م. سەرهەنگ عەبدولواحید، م. مەلا فازل عیسا تەمەر، م. مەلا تەحسین شێخانی، م. یاسین شێخ محەمەد، م. سامان محمد مامند، م. سەفین عەزیز، م. محەمەد محەمەد مامند، م. زنا عەبدولا عەزیزخان)، کە زۆر ماندوو بوون و شەوخونیان کردووە بەدەم پێداچوونەوە و هەڵەچنینی ئەم تەفسیرە، داواکارم لە خوای بەخشندە بە بەهەشتی بەرین و فیردەوسی باڵا پاداشتیان بداتەوە، چونکە پاداشتی ئەم کارمیان تەنها لای خوایە. بەندەش هەرچی کەم و کوڕتییەك هەبێ لە خۆم و شەیتانەوە دەیزانم و لە هەر شتێکیشدا ڕاستم پێکابێ، ئەوا لە بەخشش پەروەردگاری بەخشەرەوە دەیزانم.

سوپاس و ستایش لە سەرەتا و کۆتادا هەر بۆ پەروەردگاری جیهانەکان، تکام وایە ئەم بەرهەمە بکاتە تیشووی دوارۆژ و ئای تەرازووی چاکەکانی پێ سەنگین بکات.

زێبار عەزیزخان مهاجیر

سۆران

Preview sample - page 7 of 8 - Soran University Academic Digital Library

نووسەر و وەرگێر لە چەند دێڕێکدا:

بەرواری لەدایک بوون: ١٢/ ١١/ ١٩٨٩.

شوێنی نیشتەجێبوون: کوردستان – هەولێر – سۆران.

باری خێزانی: خێزاندار.

ناستی زانستی: دبلۆم لە کارگێڕی کار، بەپانگای سۆران، ساڵی ٢٠٠٩ _ ٢٠١٠.

توانایی لە: کۆلێژی یاسا/ بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان/ ئێوارانی/ قۆناغی یەکەم.

شوێنی کارکردن: فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران.

کۆمەڵێک لە بەرهەمەکانی: نەمانەی خوارەوەن:

نەو کتێبانەی نووسیوویەتی:

١- موعجیزە لە دیدی ئاین و زانستدا. لەچاپدراو.

٢- کالبوونەوەی سەروەری دەوڵەتان و کاریگەری لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. لەچاپدراو.

نەو بەرهەمانەی وەریگێڕاون:

لە چاپدراوەکان:

١- بانگخوازە و پێغەمبەر نییە، حسن فرحان مالکی.

٢- پوختەیەک لە زانستەکانی قورئان. وەزاح خەتیب.

٣- بنەماکانی ئاینی ئیسلام. د. قەحتان دووری.

٤- تەوژمی فیکری سیاسی وەهابی. نەحمەد کاتب.

٥- بیرویاوەڕی ئیسلامی و مەزهەبەکانی. د. قەحتان دوری.

٦- نوێسازی هەڵوێستی ئیسلامی، د. مەحمەد شەریف نەحمەد.

٧- کۆمەڵگەی موسڵمان، د. مەحمەد عەلی هاشمی.

٨- خوا، سەعید حەوا.

٩- بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوللای نەهری لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا.

١٠- لیبڕالییەت و هەڵوێستی ئیسلام لە بەرامبەریدا. د. عبدالرحیم صمایل خلیلی.

١١- ناموژگارییەک بۆ گەنجانی موسڵمان سەبارەت بە ناشکراکردنی زیادەڕۆچوونی زانا هەوچەرخەکان لە شانشینی عەرەبی سعودی، حەسەن فەرحان مالیکی.

١٢- ئاین و قۆزخ کردنی حەقیقەت، واسق غازی.

١٣- لەگەڵ قورئان لە جیهانە فراوانەکەیدا. پ. د. عیمادەدین خەلیل عومەر.

١٤- کاتێک شتەی ئیمان هەڵدەکات. ئەبی حەسەنی نەدەوی.

١٥- تەفسیری ساکار، دانانی: کۆمەڵێک زانا. ئەم تەفسیرەیە کە لە ژێر دەستی بەرێزتدایە.

١٦- بیدعە، سەعید حەوا.

Preview sample - page 8 of 8 - Soran University Academic Digital Library